# کۆچیدوایی دوایین کۆڵەکەی کوردناسی قوتابخانەی
# (لێنینگراد) سان پیتربوورگ

بەگوێرەی ئاگادارێکی کورتی ماڵپەڕی پەیمانگەی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی سان پیتربوورگ، رۆژی ١٥ی فووریەی ٢٠٢٣ خانمە کوردناسی بەناوبانگی ڕووس یێڤگێنیا ئیلینیچنا ڤاسیلییێڤا، لە تەمەنی ٨٨ سالیدا ماڵیاوایی لە ژیان کرد.

بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو توێژەرە ماندوونەناسەی بواری مێژووی کورد و کوردستان بەشێک لە پێشەکێکی بەڕێز دکتۆر جەبار قادر بڵاو دەکەینەوە کە بۆ کتێبی "لێکۆڵینەوە لە شەڕەفنامە و شەرەفخانی بدلیسی، پێشەکی و نقیسیار، د. جەبار قادر، وەرگێر، مەنسوور سدقی، ئەکادیمیای کوردی- هەولێر، ٢٠٢١" نووسیوێتی.



## پتر لە ٥٨ ساڵ توێژینەوەی بێوچان

"بنەما و سەرچاوەی خەباتی ئازادیخوازانە و نەتەوەیی
گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦ی زایینی، کاتێک
داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان دەستی پێکردووە".
ی.ئی. ڤاسیلیێڤا

د. جەبار قادر

یێڤگێنیا ئیلینیچنا ڤاسیلیێڤا ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی کیڤیتس لە دەڤەری نۆڤگەرەد هاتووەتە دونیاوە. لە دیسەمبەری ١٩٤٤، خێزانەکەیان باری کردووە بۆ لێنینگراد(سان-پیتربوورگی ئێستا). ساڵی ١٩٥٣ قوتابخانەی تەواکردووە و هەر ئەو ساڵە لە بەشی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک لە فەکولتێی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی دەوڵەتیی لێنینگراد دەستی بە خوێندن کردووە. لە دوای تەواوکردنی زانکۆ، یەکسەر لە لقی لێنینگرادی ئینیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤییەت دەستی بە کارکردن کردووە. بۆ ماوەی پەنجاوهەشت ساڵ (١٩٥٨ – ٢٠١٦) لەو بەشە و دواتر لە پەیمانگای "دەستنووسە کەونارەکانی ڕۆژهەڵات"دا، بە توێژینەوە و کاری زانستییەوە سەبارەت بە کورد و کوردستان خەریک بووە. دوای خانەنشینبوونیشی بەردەوام بووە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و کتێبدا لە بارەی مێژووی کوردەوە.

بەپێچەوانەی هاوڕێکانی، ڤاسیلیێڤا مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی بۆ خۆی هەڵبژارد. بەهۆی ئەوەشەوە کە لە زانکۆ زمانی فارسی خوێندبوو، خۆی بەو بوارانەی مێژووی کوردەوە خەریک کرد کە سەرچاوەکانی بە زمانی فارسی بوون. ڕەنگە هەر لە بەر ئەمەش بێ لە دەسپێکی ژیانی زانستیدا، قەناتێ کوردۆ ڕێنمایی کردبێ کە خەریکی لێکدانەوەو وەرگێڕانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی بێت. بابەتی شەرەفنامە و نووسەرەکەی بوو بەو میحرابەی ڤاسیلیێڤا خۆی تێدا بینێتەوە و بەشی گرنگی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد و بەرهەمی زانستی گرنگی تێیدا پێشکەش بە دونیای کوردناسی کرد. لە ڕێگای وەرگێڕانی شەرەفنامەوە بۆ ڕووسی، ناوی چووە مێژووەوە و بوو بە یەکێک لە دیارترین شارەزایانی شەرەفنامە و شەرەفخانی بدلیسی، سەرقافڵەی مێژوونووسانی کورد.

بەر لە ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەی، نزیکەی بیست ساڵ خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بوو لە سەرچاوە فارسییە گرنگەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست؛ ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی هەندێکیانەوە لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە زانستییەکانی ئینیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیدا پیشکەش کرد.

ساڵی ١٩٧٧، بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کرد کە لە بارەی کتێبی "مێژووی ئەردەڵانییەکان – تاریخی بنی اردلان"ی خوسرەوی کوڕی محەمەدی ئەردەڵانی بوو، وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و ئێتنۆگرافی کوردانی ئەردەڵان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا. دواتریش کتێبی "مێژووی ئەردەڵان"ی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی ڕووسی. دەقە وەرگێردراوەکەی لەگەڵ پێشەکییەکی دەوڵەمەند و گەلێ زانیاری و لێکدانەوەی وردا لە کتێبێکی ٢٢٠ لاپەڕەییدا، ساڵی ١٩٨٤ لە مۆسکۆ بڵاوکردەوە. هەر لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی میرنشینی ئەردەڵانەوە، ساڵی ٢٠١٦ کتێبێکی تری بە ناونیشانی "باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەکانی ١٦ – ١٩"دا بڵاوکردەوە. ئەم کتێبەی بریتی بوو لە ساغکردنەوە و وەرگێڕانی کتێبی"سیر الأکراد"ی عەبدولقادر بابانی. وەکو هەموو بەرهەمە زانستییەکانی دیکەی، لێرەش لە گەڵ وەرگێڕانەکەدا لێکدانەوەیەکی وردی سەبارەت بە نووسەری کتێبەکە و خێزانەکەی و بارودۆخی ئەردەڵان و میرنشینە کوردییەکانەوە کردووە.

بەڵام ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە وەرگێڕان و ساغکردنەوەی هەردوو بەرگی مێژووەکەی شەرەفخانی بدلیسی، واتا "شەرەفنامە" و کۆتاییەکەی "خاتمە".

وەرگێرانی مێژووەکەی شەرەفخانی بدلیسی بۆ ڤاسیلیێڤا بوو بە دەسپێکی زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە و بەرهەمی زانستی لە بارەی مێژووی کوردەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست و دەسپێکی سەردەمی نوێدا. ئەم هەوڵانەی، کردیان بە ناوێکی دیاری دونیای کوردناسی و بەرهەمە زانستییەکانی کەلێنێکی گرنگیان لە مێژووی ئەو سەردەمەدا پڕ کردووەتەوە. زۆربەی کوردناسانی یەکێتیی سۆڤییەت، زیاتر خەریکی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد بوون. ئەم بارەی کوردناسی لە یەکێتیی سۆڤییەت لە تەک ئامانجی زانستیدا هۆکاری تری هەبوو وەک مانەوەی دۆزی کورد بە بێ چارەسەری و گەرمی ڕووداو و پێکدادانەکان لە کوردستان و دەوروبەریدا و هەوڵی تێگەیشتنی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە بارودۆخی کورد و چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ جموجووڵ و بزووتنەوەکانیدا. ئا لێرەوە هەوڵ و تەقەلاکانی

ڤاسیلیێڤا سەبارەت بە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و دەسپێکی مێژووی نوێ گرنگێکی تایبەتییان پەیدا کرد.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم سالآنێکی زۆری ئەو ماوەیەی بۆ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە لە "شرفنامە" و "خاتمە" و شەرەفخانی بدلیسی تەرخان کرد. هەرچەندە ڤاسیلیێڤا دەیان توێژینەوەی ئەکادیمی و کتێبی دیکەی لە بواری کوردناسیدا نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە. لێ، وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ زمانی ڕووسی، ناوی ئەوی  لە مێژوو و دونیای کوردناسیدا جێگیر کرد. ئەو تەنها بە وەرگێڕانی دەقە فارسییەکە قایل نەبووە، بەڵکو دوو پێشەکی زانستی قووڵی بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵێ پرسی تایبەت بەم سەرچاوە گرنگەی مێژووی کورد و نووسەرەکەی تۆمار کردووە.

ڤاسیلیێڤا گەلێ پەراوێزی زانستی بۆ ڕوونکردنەوەی پرسەکانی شەرەفنامە نووسیوە کە ژمارەیان بۆ بەرگی یەکەم دەگاتە ٦٧٨ و بۆ ئەم کارەشی پشتی بە زۆر سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و دەگمەن بەستووە لە گەڵ پاشکۆ و کورتە باسێکی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی. بەرگی یەکەمی "شەرەفنامە"، ٦١٩ لاپەڕەیە و لە ساڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە. لەو ژمارەیە تەنها ٤١٢ لاپەڕەی بریتین لە وەرگێڕانی دەقەکەی شەرەفخانی بدلیسی، هەرچی لاپەڕەکانی ترن، ئەوا بەرهەمی خامەی ڤاسیلیێڤان. لە پێشەکییەکانیدا شەرەفنامەی وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی ڕەسەن  بەرز نرخاندووە.

ڤاسیلیێڤا زۆر گەڕاوە بەدوای هەموو ئەو زانیارییانەدا کە لە بارەی شەرەفنامەوە تۆمار کراون. بەوردی باسی لەوە کردووە چۆن ئەوروپاییەکان لە ساڵی ١٧٧٦ بۆ یەکەمین جار لە ڕێگای کتێبەکەی هێربێلۆ، "کتێبخانەی ڕۆژهەڵات یا فەرهەنگی جیهانی" بەم کتێبەیان زانیوە. دێربێلۆش لە کاتب چەلەبی تورکەوە بەم بەرهەمەی شەرەفخانی زانیوە. ڤاسیلیێڤا ئاماژە بە هەموو ئەو وردەکاری و زانیارییانە دەکات کە بەر لە چاپکردنی لە بارەی شەرەفنامەوە لە مێژوودا تۆمار کرابوون. لە سالانی ١٨٦٠ – ١٨٦٢ ڤیلیامنەف – زیرنەف (ڤیلیامینۆڤ – زیرنۆڤ) دەقی فارسی هەر دوو بەرگی "شەرەفنامە" و "خاتیمە"ی لە سان – پیتربوورگ لە چاپدا. لە دوای ئەو باسانە، ڤاسیلیێڤا ئاماژە بە وەرگێڕان و چاپەکانی قاهیرە و تاران دەکات. لە بەشێکی تری پێشەکییەکەیدا باسی دەستنووسە جیاوازەکانی شەرەفنامەی کردووە بە تایبەتی ئەوانەی کە بۆ وەرگێرانەکەی بەکاری هێناون؛ هەڵبەتە لە دوای بەراوردکردن و درخستنی تەواویی و ناتەواویی هەر کام لەو دەستنووس و وەرگێڕانانە، پێناسەی بۆیان کردووە و ئاماژەی بە شوێنی هەڵگرنیشیان کردووە. ئەوەشی لە بیر

نەکردووە ئاماژە بە وەرگێرانە جیاوازەکانی شەرەفنامە بکات کە تا ئەو کاتە کرابوونە تورکی و کوردییە کرمانجییەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی، فەرەنسی و عەرەبی.

لە دوای سێ ساڵ لە بڵاوکردنەوەی چاپە ڕووسییەکە، هەژاری موکریانی شەرەفنامەی کرد بە کوردی و لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بڵاوکرایەوە. لە پێشەکی چاپە کوردییەکەدا، مێژووزانی گەورەی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، وتارێکی پڕ لە زانیاری بەناونیشانی "شەرەفنامە" لە کوردناسی سۆڤێتیدا" نووسیوە و بۆ یەکەمین جار وردەکاری زۆری لە بارەی وەرگێرانەکەی ڤاسیلییێڤاوە خستووتە بەردەم خوێنەرانی کورد. لەو وتارەیدا دکتۆر کەمال مەزهەر کارەکەی ڤاسیلییێڤای بەرز نرخاندوە و ئاماژەی بە گەلێ زانیاری و لێکدانەوە کردوو کە ڤاسیلیێڤا لە پێشەکییەکەی خۆیدا تۆماری کردبوون.

بەرگی دووەمی مێژووەکەی شەرەف خانی بدلیسی (خاتیمە)، ٣٥٠ لاپەڕەیە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە مۆسکۆ بڵاوکراووەتەوە، لێرەش دەقەکەی شەرەفخان تەنها ٢٣٣ لاپەڕەیە، واتا لێرەشدا، زیاتر لە ١١٥ لاپەڕە بریتین لە نووسینەکانی ڤاسیلیێڤا: وەک پێشەکی، تێبینی. لێرەش ٤١٢ ڕوونکردنەوەیە دەگەڵ پێرستی ناوی کەس و میرنشین و شوێنە جوگرافییەکان و پوختەیەک بە زمانی ئینگلیزی بۆ داناوە.

بەم شێوەیە وەرگێرانی هەردوو بەرگەکە نزیکەی هەزار لاپەڕە دەبن. لەو هەزار لاپەڕەیەش، زیاتر لە دوو سەد لاپەڕەیان بەرهەمی خامەی ڤاسیلیێڤان. ئەم تێبینی و ڕوونکردنەوانە یارمەتی خوێنەر دەدەن باشتر لە کارەکەی شەرەفخانی بدلیسی تێ بگات.

لە پێشەکی"خاتمە"شدا، لە بیر نەکردووە باسێک لە دید و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی شەرەفخانی بدلیسی بکات کە بەلای ئەوەوە دیدی توێژی باڵا و کاربەدەستان بووە و دوور بووە لە چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای کوردی. لە سەردەمی سۆڤییەتیدا ئەمە کلیشەیەک بووە و نووسەران و توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبوایە پێوەی پابەند بوونایە.

ڤاسیلیێڤا لە دەسپێکی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی ئەو سەدەیە کە دەکاتە نزیکەی پازدە ساڵ، کاری لە سەر وەرگێران و ساغکردنەوەی "شەرەفنامە" و "خاتیمە" کردووە. وادیارە لە پاڵ ئەو کارە سەرەکییەیدا، کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی زانستیشی لە بارەی کتێبەکە و نووسەرەکەیەوە نووسیوە و هەندێ پرسی مێژوویی لە بەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی شەرەفنامە و خاتیمە لێکداوەتەوە. بۆ نموونە، دوو ساڵ پیش بڵاوکردنەوەی وەرگێرانەکەی، وتارێکی بە ناونیشانی "میرنشینە دەرەبەگەکانی

کورد لە سەدەی شازدەهەمدا بەپێی زانیارییەکانی شەرەفنامە" نووسیوە. لە دوای بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکەشی لە سەر ئەم کارەی بەردەوام بووە و لە ساڵی ١٩٦٩ لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی "دەستەواژەکانی تایفە، عەشیرەت و قەبیلە لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسیدا" بڵاوکردووەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانەی ڤاسیلیێڤا زانیاری گرنگیان خستە بەردەست توێژەران لە بوارەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵگای کورد. بە دەگمەن نووسین و بەرهەمێکی زانستی ڤاسیلیێڤا هەیە کە تێیدا پەنای بۆ زانیارییەکانی شەرەفنامە نەبردبێ، بۆیە مێژووەکەی شەرەفخانی بدلیسی بۆ ئەو بوو بە کانگای زانیاری لەبن نەهاتوو.

لە ئەنجامی ساڵانی دوور و درێژی کارکردنیدا لە سەر شەرەفنامە و نووسەرەکەی، ڤاسیلیێڤا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرسامتر دەبوو بەم مێژوونووسە مەزنەی کورد. وتەکانی زانای ڕووس ڤیلیامینەف – زیرنەف - کە بۆ یەکەمین جار "شەرەفنامە"ی لە سان- پیتربورگ بەچاپ گەیاند، لە بارەی بەرهەمەکەی شەرەفخانەوە، کاریگەری زۆری لەسەر ڤاسیلیێڤا دانابوو. ئاخر ئەو زانا ڕووسە مێژووەکەی شەرەفخانی بدلیسی زۆر بەرز نرخاندبوو و لە پێشەکی ئەو چاپەدا لە ساڵی ١٨٦٠، نووسیبوی "وا نزیکەی سێسەد ساڵ بەسەر نووسینی ئەم کتێبەدا تێدەپەڕێ، لەو کاتەوە لە ڕۆژهەڵات هیچ بەرهەمێک پەیدا نەبووە شان لە شانی ئەم کتێبەی شەرەفخان بدات". ئا بەم شێوەیە ئەم زانا ڕووسە، شەرەفخانی بدلیسی کوردی نرخاندووە. ڤاسیلیێڤا، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە دوور و درێژەکانیەوە بۆ ساغکردنەوەی زانیارییەکانی شەرەفخان و وەرگێڕانی بەرهەمە دانسقەکەی بۆ زمانی ڕووسی، هەمان باوەڕی ئەو زانا ڕووسەی لە لا دروست بووبوو. ئەوەتا لە ساڵی ٢٠٠٣، واتا نزیکەی چوار دەیە لە دوای بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی وەرگێرانەکەی بە زمانی ڕووسی و نووسینی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی مێژووی کوردەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی شەرەفنامە، دیسان دەگەڕێتەوە سەر باسی شەرەفنامە و دانەرەکەی و کتێبێکی لە بارەوە بە ناویشانی "شەرەفخانی بدلیسی: سەردەمەکەی، ژیانی و نەمری" بڵاودەکاتەوە. لەم کتێبەیدا، لە دوای ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر شەرەفخان و بەپشتبەستن بە سەرچاوەی دەگمەن و ڕەسەن، وێنەیەکی گەورەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکێشێ کە شەرەفخانی بدلیسی تێیدا ژیانی بەسەر بردووە و بەشداری لە ڕووداوەکانیدا کردووە. وردەکاری زۆر لە بارەی خانەوادەی شەرەفخان و میرانی بدلیس و ژیانی ئەم میرە کوردەمان بۆ دەخاتە ڕوو.

ڤاسیلیێڤا زۆر دروست بۆی چووە کە هۆی نەمری شەرەفخان ئەوە نییە کە فەرمانڕەوا و میرێکی ناودار و کارامە بووە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمین جار مێژووی گەلەکەی تۆمار کردووە و بەم کارەی ڕێگەی لە ونبوونی ناو و ناوبانگی دەیان هۆز، بنەماڵە، فەرمانڕەوا و بگرە ڕووداوی مێژوویی گەورە گرتووە.

بەندەش دەمێکە بە باوەڕەی ئەم کوردناسانە گەیشتووم و هۆی نەمریی شەرەفخان لە نووسینی شەرەفنامەدا دەبینم. لە کاتی خۆیدا و لە یادی چوار سەد ساڵەی شەرەفخانی بدلیسیدا، وتارێکم لە بارەی ژیانی شەرەفخانەوە بۆ کۆنفرانسێک لە بەڕلین (ئایاری ١٩٩٨) ئامادە کرد و دواتر پوختەکەیم لە ژێر ناونیشانی "چوار سەدە لە نەمری" بە زمانی هۆڵەندی بڵاوکردەوە. لەوێدا ئاماژەم بە دید و بۆچوونی ڤاسیلیێڤا و ژمارەیەکی دیکەی کوردناسانی ڕووسیا کردووە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تریدا بە ناونیشانی "کوردستان لە دیدی شەرەفخانی بدلسییەوە- ئەفسانەکان، واقیع، سیمبولەکان"، ڤاسیلیێڤا ئەم هەوڵەی نووسەری شەرەفنامەی زۆر بەرز نرخاندووە بۆ دەستنیشان کردنی دەستەواژەی کوردستان و سەرزەمینی بڵاوبوونەوەی ئیتنۆسی کورد. ئەو پێی وایە شەرەفخان بەم کارەی دەستەواژەی کوردستانی کرد بە شتێکی کۆنکرێت کە وڵاتی کوردە و ئیتنۆسی کورد لە سەر پانتایی زەمینەکەی بڵاوبووەتەوە. بە لێکدانەوەی ڤاسیلیێڤا کوردستان بە هۆی مێژووەکەی شەرەفخانەوە بوو بە چەمکێکی ئەبەدی و نیشتمانیی کورد. لە هەمان کاتدا لە گەڵ دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستاندا خەونێک لە دایک دەبێت کە خەونی یەکگرتن و یەکخستنی ئیتنۆسی کوردە بە هەموو پێکهاتەکانێوە. کتێبی "شەرەفنامە" لە یەکەم لاپەڕەیەوە تا دواییینی، بۆ ئەو میحرابە تەرخان کراوە کە یەکێتیی ئیتنۆسی کوردی تیدا دێتە دی. لەم وتارەیدا ڤاسیلیێڤا ئەوەندە وردەکاری لە شەرەفنامەوە هەڵهێنجاوە، کەم کەس پێش ئەو پەیان پێ بردووە و وەستایانە بەدوای بیرۆکە و دیدەکانی شەرەفخاندا لە نێوان دێر و پشت چەمک و دەستەواژەکاندا گەڕاوە.

لەم لێکۆڵینەوانەدا، ڤاسیلیێڤا بەپشتبەستن بە زانیارییەکانی شەرەفنامە، گەلێ لایەنی گرنگی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی تۆمار کردووە؛ ئاماژەی بە دابونەریت و ڕێورەسمەکان لە نێو میرنشین و خانەدانەکاندا کردووە و باسی لە هیرارشی نێو هۆز و میرنشینەکانی کوردستاندا کردووە.

ڤاسیلیێڤا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەکانییەوە سەبارەت بە شەرەفنامە و کرۆنیکی مێژوونووسە خۆجێییەکانی ئەردەڵان، ئاشنای کۆمەڵگای کوردی بووە و لە گرنگی پێگەی هۆز، خێڵ، عێل و بنەماڵە ناودارەکان ئەو کۆمەڵگایە و ڕووداوەکانی مێژووی کورد بە باشی تێگەیشتبووە؛ بۆیە توێژینەوەی زۆری لە بارەی هۆزە جیاوازەکانی کوردستانەوە کردووە. وتار و توێژینەوەکانی سەبارەت بە هۆزی جاف، فەرمانڕەوایانی دونبولی، هۆزە کۆچەر و شوانکارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەمکی هۆزی کورد لە ڕوانگەی شەرەفخانی بدلیسی، هۆزی کورد لە سەرچاوە و ئەدەبیاتدا و بۆچوونی مێژوونووسانی کورد سەبارەت بە هۆزە کوردییەکان، هەندێ لەو بابەتانەن کە لێکۆڵینەوەی بۆ کردوون و نموونەگەلی گرنگی پێدانی ئەم کوردناسە ڕووسەیە بەم پرسانە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە هەندێ زانیاری بکەم کە گەلێ جار لێرە و لەوێ گوێم لێ بووە و بۆ خۆیشی لە چەند شوێنێک باسی لێوە کردووە، ئەویش ئەویە کە بە هاوکاری هاوپیشە و دەستەخوشکی، ژاکلینا مووسائیلیان "فەرهەنگێکی زانیاری بەخش" یا "ڕێبەری زانیاری" سەبارەت بە هۆز و خێڵە کوردییەکانیان ئامادە کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٤ کارەکەیان تەواو کردووە کە نزیکەی هەزار لاپەڕە دەبێ و تا ئێستا لە چاپ نەدراوە و بڵاونەکراوەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئاگاداری چەند هەوڵێکم بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێن بۆ چاپکردنی، بەڵام تا ئیستا ئەو هەوڵانە هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.

بەهۆی ئەوەی ڤاسیلیێڤا زمانی فارسی زانیوە، زۆربەی کارەکانی لە بارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵان و بابان.

ڤاسیلیێڤا گرنگییەکی تایبەتی داوە بە مەستورەی کوردستانی یا ماهـ شەرەف خانمی کوردستانی وەک یەکەمین ژنە مێژوونووسی هەموو ڕۆژهەڵات. لە سەر ژیان و داهێنانی ئەم خانمە کوردە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە؛ کتێبەکەشی سەبارەت بە مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی، پێشەکی و تێبینی زۆری بۆ نووسیوە و لە ساڵی ١٩٩٠ لە مۆسکۆ بەچاپی گەیاندووە. چەند جارێکیش وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی ژیان و داهێنانەکانی مەستورە خانمەوە بڵاوکردووەتەوە.

بەرهەمە زانستییەکانی ڤاسیلیێڤا سەرچاوەی ڕەسەن و گرنگن بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و دەسپێکی مێژووی نوێی کورد. ئەوەی بیەوێ بەوردی لەو سەردەمانەی مێژوومان بکۆڵێتەوە، ناتوانێ کارەکانی ئەم خانمە کوردناسە

پشتگوێ بخات؛ بەتایبەتی سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵایەتیی کوردستان و هۆز و خێڵەکانی ئەو سەردەمە و کۆمەڵگای خێڵەکیی کوردستان.

لەم ساڵانەی دواییشدا کۆمەڵێ بەرهەمی زانستی تری لە بواری مێژووی کوردستاندا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردناسی کردووە. لە یادی پێنج سەد ساڵەی دابەشکردنی کوردستاندا کە بە تراژیدیای کوردی ناو دەبا، لە ساڵی ٢٠١٧ کتێبێکی بە ناونیشانی "دابەشبوونی سیاسی کوردستان ١٥١٤ – ٢٠١٤ – تراژیدیای کورد"ی بڵاوکردووەتەوە. لەم کتێبەدا، گەشتێکی مێژوویی بە وێستگە سەرەکییەکانی ئەم دابەشبوونە سیاسییەدا دەکا و کۆمەڵێ پرس و بابەتی گرنگ دەوروژێنێ.

لە ساڵی ٢٠١٨ وتارێکی بیست لاپەڕەییشی بە ناونیشانی "ڕەوتی مێژوویی کوردان" بۆ کتێبی "کورد- ئەفسانەی ڕۆژهەڵات" نووسیوە، کە کۆمپانیای نەوتی "ڕوسنێفت" لە مۆسکۆ لە چاپی داوە. هەرچەندە ئەم کتێبە بە مەبەستی ڕیکلام ئامادە کراوە، بەڵام وتارەکەی ڤاسیلیێڤا وەک هەموو بەرهەمەکانی دیکەی زانیاری بەسوودی زۆری گرتووەتە خۆی.

زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر پرۆفیسۆر یێڤگێنیا ئیلینیچنا ڤاسیلیێڤا بە دوا کۆڵەکەی کوردناسیی کلاسیکی سۆڤییەتی و قوتابخانەی لێنینگراد (سان- پیتەربوورگ) لەو بوارە زانستییەدا، دابنێین.

خۆشبەختانە دکتۆر ڕەشاد میران و دکتۆر ئەنوەر قادر جاف و ڕەنگبێ هەندێ کەسی تریش، کە من ئاگاداری کارەکانیان نەبم، ژمارەیەک لە کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی پرۆفیسۆر ڤاسیلیێڤایان کردووە بە کوردی و لە باشووری کوردستان بڵاویان کردوونەتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم زۆریان لە بارەوە بڵێم.

لێکدانەوە و توێژینەوەی بەرهەمەکانی کۆچکردوو ڤاسیلیێڤا، شایانی ئەوەن ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایان لە بارەوە ئامادە بکرێن. وەرگێڕانی هەموو بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی کوردی دەتوانێ لەم بوارەدا هاوکار و یارمەتیدەر بێت.

یێڤگێنیا ئیلینیچنا!

بێگومان یادت هەمیشە لە دڵێ زانستی کوردناسیدا بۆ هەمیشە بەرز و زێندوو دەمێنێتەوە. ماڵئاوا!

هاوپێچ:

وێنە: ی.ئی. ڤاسیلیێڤا لە کۆڕی  پەردەلادان لە کتێبی "کورد- ئەفسانەی ڕۆژهەڵات" لە هەولێر ساڵی ٢٠١٥.

لینکی بەڵگە فیلمی: "باڵندەیەک لە لینینگراد"، ڕووداو، ٢٠١٦.

https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_٠٩٠٨٢٠١٦?fbclid=IwAR١CYNsfZprjVXx٨tFNTqJ١AW٨uO_bfhndASoBLi٤jVyUvdgJ٤UW١CP٤Lr٤